السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ڕەوا نییە بۆ هیچ مسوڵمانێک کە قسە دابڕێت لە گەڵ برای مسوڵمانی لە سەرووی سێ شەو

لە ئەبی ئەیوبی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«ڕەوا نییە بۆ هیچ مسوڵمانێک کە قسە دابڕێت لە گەڵ برای مسوڵمانی لە سەرووی سێ شەو، کاتێک بەیەک دەگەن؛ ئەم ڕوودەکات بەملاوە وئەویش ڕوودەکات بەولاوە، وچاکترینیان ئەوەیانە کە دەستپێشخەری دەکات بە (سەلامکردن (لە کەسی بەرامبەری»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە دەنگداپڕین لەگەڵ مسوڵمان بۆ زیاتر لە سێ شەو، بەشێوەیەک هەریەکەیان بەئەوی تر دەگات وسەلامی لێناکات وقسەی لەگەڵدا ناکات. وباشترینیان ئەوەیە کە هەوڵدەدات ئەم دەنگداپڕانە نەهێڵێت، ومەبەست بەدەنگداپڕان لێرەدا ؛ ئەگەر بەهۆی شتی کەسیەوە بێت، بەڵام ئەگەر دەنگداپڕان بێت لەپێناو مافی خوای گەورە -سبحانە وتعالى- وەکو دەنگداپڕان -هەجرکردنی- تاوانبار وبیدعەچی وهاوڕێ خراپەکان؛ ئەمە هیچ کاتێکی دیاریکراوی نیە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی لەم دەنگداپڕانە، وئەگەر ئەم بەرژەوەندیە نەمێنێت ئەویش نامێنێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5365

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee